

# تاقەدار

## مریەم مەرزبان (کەژاڵ)

تاقەدارێکم بنارەم خاکی دزراوە

تاشە بەردێکم تراشراوم لەشاهۆ

کۆترێکم کۆچەرم جێماو لە کاروان

من دڵۆپێکم کە جێماوم لە باران

من خەباتم، شۆڕشم، من گەلێکم پڕهەناسە

پڕ لەئاخ و حەسرەت و گریان و تاسە

من غەریبم چۆنکە جێماوم لە کاوە

بەژنەکەم داماو و وردە

چۆنکە ناوم قەومی کوردە

تاکو کام ماوە لەسەر باڵی خەیاڵم

هەڵفڕم بۆ دیتنی خاک و وڵاتم.